# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی

**پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی کە پرسێکی گرنگەو بەدیهێنەری سەرەکیی پەیامی ئاشتییە، لەم دۆخەی ئەمڕۆ دەخوازێت لەسەر زۆربەی ئاستەکان ئەم پرسە گرنگی پێ بدرێت**

**ڕاگەیاندن و میدیاکان پێویستە پەنا ببنە بەر بڵاوکردنەوەی چەمکی لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن وسڕینەوەی شوێنەواری ڕق و قینی چەقبەستووی نێوان تاکەکان**

ڕاگەیاندن بەو پێیەی کە پردی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و ڕاگەیاندنکارە بە شێوازە جیاوازەکانی (بینراو، بیستراو، نووسراو)، کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت کۆی زانیارییەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژ کە شایانی بڵاوبوونەوەن لە نێو خەڵکدا بگەیەندرێت و، پەیامی هەمە چەشنە بڵاو بکاتەوە، کە بیروڕای خودی دەزگاکە بێت، یان ئامرازێك بێت بۆ گەیاندنی بیروبۆچوونی خەڵکانی دیکە کە لە پسپۆڕان و شارەزایان خۆی دەبینێتەوە، ئەویش بە ڕێگە و شێوەی جۆراوجۆر کە کاریگەری لەسەر بینەرو بیستەرو خوێنەر جێدەهێڵێت و، ڕێگەیەکە بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو و فرە ڕەهەند. بۆیە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئەم ڕێگەیەی گەیاندنەوە شان بەشانی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگە لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش جیاوازی بە خۆوە بینی و، هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی جیهان و بە شێوەیەك کە بتوانرێت پێچەوانە کرداریش لە خۆ بگرێت، بەبەشداریی هاووڵاتی لە ڕاگەیاندن و گەیاندنی پەیامی تاکەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ، کە ئەمەش وای کرد گرنگیی ڕاگەیاندن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ببێت و، تەنانەت بگاتە ئەو ئاستەی کە وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لەسەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەژمار بکرێت، دوای سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی کایەی حوکمڕانی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم دێت و، دەکرێت وەك چاودێرێکیش ڕۆڵی خۆی ببینێت لە کۆمەڵگەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش.

پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی کە پرسێکی گرنگەو بەدیهێنەری سەرەکیی پەیامی ئاشتیە، لەم دۆخەی ئەمڕۆ دەخوازێت کە لەسەر زۆربەی ئاستەکان ئەم پرسە گرنگی پێ بدرێت. دەکرێت ڕاگەیاندن هۆکارێکی گرنگی بەهێزکردنی ئەم پرسە بێت، بەو پێیەی کە تاك لە پێگەو پۆستی جیاواز ڕۆڵ دەبینێت لە بەدیهێنانی و، ڕەنگە گەیاندنی پەیامێك، یان بەلاغێك زەمینە بۆ ئاشتەواییەکی سەرتاسەری خۆش بکات، هەروەك چۆن لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆربەی کات پەیامی سەرکردەکان و کەسانی خاوەن بڕیار کۆی گشتیی هاوکێشەکانی گۆڕیوەو جۆرێك لە سەقامگیریی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێو خەڵکدا چەسپاندووە، کە ئەمەش بێگومان ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە گەیاندن و شرۆڤە و شیکردنەوەی بە ئاراستەیەك کە بووەتە کۆڵەکەیەك بۆ فراوانکردنی بازنەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.. لە لایەکی دیکەشەوە خودی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بەبەردەوامی و بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پرسە بکەن، لە ڕێگەی خستنە ڕووی ئەجندایەکی تایبەت بە



**تاڤگە عومەر**

بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ

خۆی وبەو شێوازەش کە کاریگەرییەکی باش جێ بهێڵێت، دەتوانن پەرەی پێ بدەن و بیکەنە بابەتی سەرەکیی کاری رۆژانەیان، بەتایبەتییش لە بارودۆخە هەستیارەکانی ناو کۆمەڵگە و هەروەها لە دۆخە جیهانی و گشتگیرەکاندا، بەتایبەتی کە ئێستا جیهان بە دۆخێکی نەخوازراوی تەندروستیدا دەڕوات و، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩و دارِمانی ئابووریی وڵاتان و کەمبوونەوەی هاتوچۆو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە و، بە ئاراستەبردنی هێڵە گشتییەکانی جیهان بۆ برەودان و هاوکاریی نێوانوڵاتان..

بێگومان لەم دۆخە هەستیارەدا زۆربەی کات هاووڵاتیان چاویان لەسەر راگەیاندنەکانە و بەتایبەتییش لەکاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆو راگرتنی جووڵە کۆمەڵایەتییەکانی نێو خەڵك زیاتر راگەیاندن توانیویەتی رۆڵ بگێڕێت و، پەیامی ئاشتییانەو هێورکردنەوەی بارودۆخی دەروونیی هاووڵاتیان و روونەدانی توندوتیژی و تاوان بڵاوبکاتەوە، کە رەنگە هەندێك جار بە داخەوە پێچەوانەکەشی رووی دابێت، بەتایبەتی لەو دەزگا راگەیاندنانەی کە ئەجندایەکی دیاریکراویان هەیەو کاربەئاراستەی پێچەوانەی دۆخەکە دەکەن.

بۆیە گرنگە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتیش بینراو وبیستراو کە بێ سانسۆر لە هەموو کەلێنێك بوونیان هەیە و، خەڵکێکیش لە ئاست و تەمەن و رەگەزی جیاواز بینەرو گوێگریانن، رۆڵی ئیجابییانەی خۆیان ببینن و، ببنە هۆکاری نزیکبوونەوەی لایەنەکان و کردنەوەی گرێ کوێرەکان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ پرس و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەو بە نامەکانیان پرۆژەی دوورخایەن و بەردەوامی چارەسەری گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە لەخۆبگرێت و، رۆژانە ئەم پرسە بە زیندوویی لە ناو هاووڵاتیان بهێڵنەوە و خاوەندارێتی دۆسیەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بکەن، وەکو دەسەڵاتێکی بەرچاو و زیندووی ناو خەڵك و هەروەها راگەیاندن و میدیاکان پێویستە پەنا ببنە بەر بڵاوکردنەوەی چەمکی لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن وسڕینەوەی شوێنەواری رق و قینی چەقبەستووی نێوان تاکەکان و پێویستە هەوڵی نەهێشتنی جیاکاری و رەگەزپەرستی بدەن..جگە لەوەش ئاوێتەکردنی ئەم پرسە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و رێگەکانی دیکەی پەیوەندی کە ئێستا بەکارهێنەرێکی بەرچاویان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە رووی چۆنێتییەوە جەماوەرو خوێنەر بۆ خۆی دروست بکات، نەك لە رووی چەندێتییەوە، بەتایبەتیش بۆ لاپەڕەی کەناڵەکانی راگەیاندن کە زۆربەی بەکارهێنەرانی ئەم ئامرازی پەیوەندییە، گەنجانن لە هەردوو رەگەزکە وپێکەوە کاراکتەری سەرەکی بەدیهێنانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی ناو هەر کۆمەڵگەیەکن.

**لەکاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆو راگرتنی جووڵە کۆمەڵایەتییەکانی نێو خەڵک زیاتر راگەیاندن توانیویەتی رۆڵ بگێڕێت و، پەیامی ئاشتییانەو هێورکردنەوەی بارودۆخی دەروونیی هاووڵاتیان و روونەدانی توندوتیژی و تاوان بڵاوبکاتەوە**

**راگەیاندن رۆڵی سەرەکیی هەبووە لە گەیاندن و شرۆڤە و شیکردنەوەی بە ئاراستەیەک کە بووەتە کۆڵەکەیەک بۆ فراوانکردنی بازنەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و رەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا**




# میدیاكان لە بەردەم بەرپرسیاریەتیی بەهێزكردنی ئاشتەوایی كۆمەڵایەتیدان

سەرەتا ناسك سەعید بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان، باسی ئەوە دەكات كە «ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بزوێنەری سەرەكیین لە گۆڕین و ئاراستەكردنی هزرو بۆچوونی تاكی كۆمەڵگە، هەر بۆیە زۆر پێویستە لە چوارچێوەی كاركردێكی ورد و گرنگ لەسەر دروستبوونی هۆشیاری و پێشخستنی تێگەیشتنە گشتییەكان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاكانی كۆمەڵگە كاربكەن. « هاوكات دەڵێت: «ناوەرۆكی ئەو پەیامە جۆراوجۆرانەی ڕاگەیاندنەكان لە ڕێگەی بەرنامە، هەواڵ، یان بەرنامەی ڕۆشنبیری و تەنانەت كاتبەسەربردنیشەوە دەیگەیێننە جەماوەر و وەرگرەكانیان، دەبینین بوونەتە بەشێك لە واقیع و ڕاستیی ژیان و ڕۆژانە لەگەڵ ئەو بابەتانە بەریەككەوتنی ناڕاستەوخۆیان بۆ دروست دەبێت و، كاریگەری لەسەر تاك دروست دەكات، ئەمەش ئەو خاڵەیە كە پێمان دەڵێت ڕاگەیاندن دەتوانێت ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی بەرەو باشی یان خراپی بەرێت».

ناسك سەعید ڕایوایە: «ڕاگەیاندن و هۆكارەكانی، ئەو دەروازەیەن كە جەماوەر لەوێوە دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانی ناوخۆ و جیهانیشی تێدا دەبینن، بەمەش ئەو ئامرازانە، یان ئەو میكانیزمانە سیفەتی بونیادی سەرخان وەردەگرن لە كاریگەرییان لەسەر هۆشاریی تاك و تێڕوانینی تاك بۆ ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەكان، چونكە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بابەتە گرنگەكان هەڵدەبژێرن، بەتایبەت ئەو بابەتانەی لای خەڵك بە هەند وەردەگیرێن، پاشان هەر ئەو ئامرازانە دەرەنجامەكان و شێوازی چارەسەرەكەیشی دەخەنەڕوو، كەواتە دەزگایەكی ڕاگەیاندن بە تەنیا كار ناكاتە سەر بیركردنەوەی جەماوەرەكەی، بەڵكو كاریگەری بۆ سەر ئاكار و ڕەفتاریشی دەبێت، هۆكارەكەیشی ئەوەیە، ئەو ناوەڕۆكەی ئەو ئامرازانە دەیخەنەڕوو، لای جەماوەر دەبێتە بابەتی گفتوگۆ، واتە هەر ئەو ناوەڕۆكە بە قووڵایی ناخی هاووڵاتیدا شۆڕ دەبێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی هەموو ئەو شتانەی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەیانورووژێنن».

هەر لەو بارەیەوە زیاتر گوتی: «میكانیزم و ئامرازە نوێیەكانی ڕاگەیاندنی كۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە خێراكردنی بڵاوكردنەوەی بیرو بۆچوون و زانیارییەكان. بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی كوردی ئەو ڕۆڵە باڵایە ببینێت، دەبێت زیاتر لەم ڕووەوە پێداگری بكات و، تەركیز بخاتە سەر پاراستنی پەیوەندی و ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی، چونكە كۆمەڵگەی كوردی زیاتر لەهەموو پەیوەندییەكانی دیكە بایەخی بە ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی داوە و، لە لاوازبوون و شكستپێهێنانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ڕێگری كردووە «.

ڕاگەیاندنكار چۆمان هیوا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی ئامرازێكی هەرە سەرەكییە بۆ بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی پێشكەوتوو، ئەو دۆخە ناهەموارەی كەوا ئێستا دونیای پێدا تێپەڕ دەبێت، جۆرێك لە پەرتەوازەی و جۆرێك لە ناسەقامگیری تێدا بەدی دەكرێت، بێگومان دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەتوانم بڵێم ڕۆڵی بەرچاویان هەم لە تێكدان و هەم لە ئاشتەوایی هەبووە، بەداخەوە لە ئێستادا لە كوردستان خەڵك ڕوویداوەتە ماس میدیا، بەم هۆیەشەوە پشێوییەكی گەورە بەدی دەكرێت، دیارە دابەشكارە ئایدیۆلۆژییەكان و لایەنە سیاسییەكان هۆكاری سەرەكین بۆ ئەو پەرتەوازبوون و دابەشكارییە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێویستە میدیا ئیتیكی ڕۆژنامەوانی لەبەرچاو بگرێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و بونیادی كۆمەڵگەی كوردی. « گوتیشی: «لە ماوەی ڕابردوودا

**ڕاگەیاندن دەتوانێت ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی بەرەو باشی یان خراپی بەرێت**

**دەزگایەكی ڕاگەیاندن بە تەنیا كار ناكاتە سەر بیركردنەوەی جەماوەرەكەی، بەڵكو كاریگەری بۆ سەر ئاكار و ڕەفتاریشی دەبێت**



**هەمیشە و بە درێژایی مێژوو، ئاشتی چەمکێکی پیرۆز و دژبەری شەڕ بووە و، دەکرێ وەك یەکێ لە بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتییش سەیر بکرێت، بێگومان لێبووردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتییش لە بنەماکانی سەقامگیری و ئاسوودەیی مرۆڤن، بەڵام میدیاکان تا چەند لە بەردەم ئەو پرسە هەستیار و گرنگەدا بەرپرسیارانە کاریان کردووە؟ چۆن دەکرێت ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ئاراستە بکرێت، کە هۆکارێك بێت بۆ برەودان بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئامرازێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

میدیای کوردی ڕۆڵێکی نەرێنی لە پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگە هەبووە، کە دواجار جۆرێك لە دوو ڕەنگی و دوو ئیدارەیی لێ کەوتەوە، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە ئەوانەی کاری میدیای دەکەن، زۆربەیان وەکو دەستکەوتنی بژێوی و سەرچاوەی داهات مامەڵە لەگەڵ میدیا دەکەن، هۆکارێکی دی، بەداخەوە دیسان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەت پەیجەکان کە کەسانێك بەڕێوەی دەبەن، کە ژمارەیەکی زۆریان هیچ هەستێکی بەرپرسیارێتییان بەرامبەر کارەکە نییە و، بوونەتە هۆکاری ئەو پەرتەوازەییە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە، هەروەها بەڕێوەبەری ئەم جۆرە پەیجانە هیچ ڕۆشنبیرییەکی بەڕێوەبردنی نییە و، ئەو بەڕێوەبەرە کۆمەڵێ سیفەتی خراپی تێدایە، دواجار دەبێتە پلاتفۆڕمی ئەو دەزگایە، دەکرێ حزب و لایەنە سیاسییەکان پشت بە هیچ میدیایەك نەبەستن و، لە ڕێگەی ئۆڕگانە فەرمییەکانی خۆیان کاربکەن، هاوکات پێویستە هاووڵاتی هۆشیار بێت و لە ڕێگەی دیکەوە برەو بە مەعریفە و ڕۆشنبیرکردنی خۆی بدات».

ئەحمەد سیروان شوانی، چالاکی مەدەنییە و سەرتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا جێگای هەریەك لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) گرتووەتەوە و، بووە بە دەسەڵاتی یەکەم لەکۆمەڵگەدا، بۆیە دەبینین ڕاگەیاندن، لە سەردەمی کۆن و لەم سەردەمەی ئێستاشدا، لە هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵکیدا سەبارەت بە بوارە جۆراجۆرەکان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و نەتەوەیی و کەلتوورییەوە، ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. « هاوکات دەڵێت: « ئەرکی میدیا، یارمەتیدانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان و ئاگاداربوون لە ژینگەی دەوروبەر، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم کارە لە ڕێگەی میدیاوە کارئاسانییەکی تەواوی بۆ تاکەکان دەستەبەر کردووە و، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، کە بووەتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەکانی وەکو بە زۆر بەشوودانی کچ، خەتەنەکردنی مێینە، مارەیی و ژن بە ژن، دوژمنداری، دەستدرێژی سێکسی و...هتد.» گوتیشی: «پێویستە لەسەر ئێمە لایەنی باشی ڕاگەیاندن بکەینە ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمەش هەر لە ڕێی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە بووە، توانیومانە برەو بە ئاکار و دابونەریتە باشە کۆمەڵایەتیەکان بدەین، بە پیشاندانی سیمای جوان و مرۆڤدۆستی و یارمەتیدانی یەکتر لە کارو چالاکییەکانماندا. لایەکی دیکەی باشی ڕاگەیاندن هاندانی لاوانمان بووە بۆ کاری خۆبەخشی و هاوکاریکردنی یەکتر و جوانکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و زیادکردنی ڕێژەی خوێندەواری و پێشکەوتن و برەودان بە تواناکانیان.» ئەو چالاکی مەدەنییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەدای کاری ڕاگەیاندن بە ئەرێنی و دروستی، ئەرکێکی پیرۆزە و هاووڵاتیانی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی ڕاست و دروست دەبات و، دەبێتە هۆکاری دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتوو». گوتیشی: «هیوادارم سەرجەم کەناڵ و پێگە و گۆڤارو ڕادیۆکانی پەیوەست بە ڕاگەیاندن بەکاری میدیای خۆیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەڵسن، دوور لە ڕق و کینە و چاندنی تۆی دووبەرەکی و برەوی زیاتر بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بدەن، لە پێناو چاککردنی ژیان و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵگە. «

**کۆمەڵگەی کوردی زیاتر لەهەموو پەیوەندییەکانی دیکە بایەخی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی داوە و، لە لاوازبوون و شکستپێهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگری کردووە**

**ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە ئامرازێکی هەرە سەرەکییە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو**

# لە ساڵهاتی ٢٥ی نۆڤەمبەر داوا دەكرێت تاوانی كوشتنی ئافرەت بنبڕ بكرێت

٢٥ی نۆڤەمبەر رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ ماوەی هەفتەیەك كار و چالاكیی چڕوپڕی لە سەر دەكرێت، لە هەرێمی كوردستانیش ساڵانە لەو یادەدا زیاتر لە دوو هەفتە چالاكیی جۆراوجۆر پێشكەش دەكرێت، كە گوزارشتن لە ماف و رۆڵی ئافرەت و رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و كاركردن بۆ بنبڕكردنی توندوتیژی دژی رەگەزی مێینە، چالاكانی بواری مافی ئافرەتیش توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بە توندوتیژییەكی بەئانقەستی كۆمەڵگە هەژمار دەكەن لە دژی نیوەیەك لە خۆی، بۆیە بۆ سڕینەوەی توندوتیژی و ئاسەوارەكانی ئەم پەتا كوشندەیەی كۆمەڵگە خوازیارن كاری زیاتر بكرێت و بە جددی هەوڵی وشیاركردنەوەی تاك و كۆمەڵگە بدرێت، بۆ ئەوەی تاوانی كوشتنی ئافرەت بنبڕ بكرێت.

بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە راوسەنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: كۆمەڵایەتی



سەید عەلی:

ئیسلام بە هەموو شێوەیەک كوشتنی قەدەغە كردووە، كوشتن لە شەریعەتی ئیسلامدا بە تاوانێكی گەورە دادەندرێت و لەدوای تاوانی شرک و هاوبەش بۆ خودا پەیداكردن دێت



خانزاد سەعدی داکۆکیکار و چالاکی یەکسانی جێندەر، باسی ئەوە دەکات کە «کوشتنی ژن بە هەر بیانوویەك بێت؛ بووەتە بەشێك لە کەلتووری پیاوی ڕۆژهەڵاتی و ئەستەمە لێی دەرباز بین، بەڵام دەبێت ئەو تاوانە بنبڕ بکرێت، لە کوردستانیش کوشتنی ژن لەناو خێزاندا بە بیانووی پاراستنی شەرەف یان بەرزڕاگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتیی پیاو وەك عورف و عادەت پیادە دەکرێت، یانیش لە دەرەوەی خێزان بە پاساوی لادان لە دین و ئازادبوونی ئافرەت؛ بڕیاری کوشتن و شێواندن و لەکەدارکردنی ئافرەت دەدرێت، ئەوەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و پیاو بەتایبەتی بەرانبەر بە هەندێك چەمکی کۆمەڵایەتی وەکو (شەرەف، ئەخلاق، ئازادی، جێندەر، مافی مرۆڤ، بەها مرۆییەکان، یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و.. هتد) کە تەفسیری هەڵەی بۆ دەکرێت. بۆ ئەوەی ژن کوشتن سنووردار بکرێت، پێویستە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هەموار بکرێتەوە، بە جۆرێك کە لە بەرژەوەندیی ئافرەت و خێزاندا بێت، هەروەها پێویستە بە وردی چاودێری دادگە و دادوەرانی کەیسەکانی توندوتیژی بکرێت، لە چەند و چۆنییەتی جێبەجێکردنی یاساکە، چونکە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە نۆ ساڵ لەسەر دەرکردنی ئەو یاسایە؛ تا ئێستا هەندێك لە دادوەرەکان بەپێی یاسای کۆنی عێراقی مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی دەکەن.

ئەو چالاکەی بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بۆ ئەوەی تاوانی کوشتنی ئافرەتان کەم بکرێتەوە، پێویستە لە هەردوو سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا پڕۆژەی دروستکردنی تاکێکی هۆشیار بە مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بەرهەم بهێندرێت».

مینا سامی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بابەتێکی پەیوەست و گرێدراو نییە بە یەك نەتەوە، یان ئایینێکی دیاریکراو، یان ناوچەیەکی دیاریکراو، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو دەربڕینی نارەزاییەك ڕۆژی ٢٥ ی نۆڤەمبەری دەستنیشان کردووە بۆ ئیدانەکردنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان و لەجیهاندا ئەم یادە دەکرێتەوە، ئەویش بە مەبەستی مەحکووم کردنی تاوانەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەپێناو کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە کوشتنی ئافرەتان، توندوتیژییەکانیش زیاتر لە کۆمەڵگە داخراو و سەرەتاییەکان ڕوودەدەن، ئەوەش زیاتر پەیوەستە بە دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیانە، لە کۆمەڵگەی خۆشماندا کەسانێك چاو لە عادات و تەقالیدی وڵاتانی دراوسێ دەکەن و لە کەلتووری کوردەواری دووردەکەونەوە، هاوکات قەیرانی دارایی هۆکاری ناسەقامگیریی خێزان و کۆمەڵگەیە». گوتیشی: «بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ توندوتیژی و کوشتنی بە ناحەقی ئافرەتان دابندرێت، پێویستە لایەنی بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕووی داراییەوە هاوکاری خانمان بکەن، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن پڕۆژە و کاری خۆیان، چونکە سەربەخۆیی دارایی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ ئافرەت و منداڵەکانی، هەروەها دەکرێت داتا و زانیارییەکان لەسەر توندوتیژی و دەرهاوێشتەکانی کۆبکرێتەوە و لەدەرەنجامی کێشەکان بکۆڵدرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگری لە کوشتنی ئافرەت بکرێت. خۆشبەختانە ئافرەتانی جیهان بەگشتی و ئافرەتی کورد بەتایبەتی بە شێوەیەکی گشتگیر بەرەنگاری توندڕەوی بوونەتەوە و، سەرباری ڕێگری و ئاڵۆزییەکان جێ دەستی خۆیان دیاری کردووە، زیندووترین نموونەش خاتوو (کامالا هاریس)ـە کە وەکو جێگری سەرۆکی ئەمریکا دەستنیشان کرا، لێرەوە دوو خاڵی گرنگ ڕوون دەبێتەوە، کە بریتین لە کۆڵنەدان و بەردەوامیی ئافرەتان بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵی گونجاو لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، هیوادارم بە هەموان (حکومەت و هاونیشتمانیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) بە درێژایی ساڵ کاری جددی لەسەر ئەو بابەتە بکەن و کۆمەڵگەکەمان بەرەو پێش بەرن».

سەید عەلی/ مامۆستای ئایینی و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە یاسای تایبەت و لە ڕوانگەی ئایینەوە باسی ئەو پرسە دەکات و دەڵێت: «ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە تاوەکو ئاشتی لە سەرتاسەری دونیا بەرقەرار بێت، خودای گەورە لە ڕێگەی ئەو پەیامانەی ناردوویەتی ڕێزێکی زۆری لە ئافرەت ناوە و بە هەموو شێوەیەك کەرامەت و مافەکانی پاراستووە و بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی نەداوە زوڵمی لێ بکرێت، پێش هاتنی ئیسلام قورەیشیەکان مافەکانی ئافرەتانیان پێشێل دەکرد و، دوای لەدایکبوونیان زیندە بەچاڵیان دەکردن و لە میرات بێ بەشیان دەکردن. بەڵام ئیسلام بە هەموو شێوەیەك کوشتنی قەدەغە کردووە، کوشتن لە شەریعەتی ئیسلامدا بە تاوانێکی گەورە دادەندرێت و لەدوای تاوانی شرك و هاوبەش بۆ خودا پەیداکردن دێت، لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) کاتێك بۆ جەنگی دژ بە کافرەکان دەچوون، پێغەمبەر ئامۆژگاری خەڵکەکەی کرد، کە بە هیچ شێوەیەك ژن و منداڵ و پیر نەکوژن، خوای گەورەش لە قورئاندا دەفەرموێت: (وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا) هەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (لزوال الدنيا بأسرها عند الله أهون من قتل رجل مسلم)، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەناو ئیسلامدا شتێك بەناوی (غسل العار) نییە، بەڵکو تەنیا کەلتوورێکە و ئیسلامیش باوەڕی بە هیچ کەلتوورێك نییە کە گیان لە مرۆڤێك بستێنێتەوە».



**خانزاد سەعدی:**

**کوشتنی ژن بە هەر بیانوویەک بێت؛ بووەتە بەشێک لە کەلتووری پیاوی ڕۆژهەڵاتی و ئەستەمە لێی دەرباز بین، بەڵام دەبێت ئەو تاوانە بنبڕ بکرێت**



**مینا سامی:**

**بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ توندوتیژی و کوشتنی بە ناحەقی ئافرەتان دابندرێت، پێویستە لایەنی بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕووی داراییەوە هاوکاری خانمان بکەن، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن پڕۆژە و کاری خۆیان**